کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23-7-2007 16:57

## دکتۆر نوری تەنیا تۆ! ... سامان بەناز

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەبەراستی جیگای دیارە لە ناو حکومەتدا و بەوپەری توانایەوە خزمەتی حکومەتەکەی و ولاتەکەی ئەکات یەکیك لە و هەزارەها کردارە چاکانەی کەخزمەتی چینی هەژاری خەڵکی کوردستانی ئەکر د و سەرۆکی حکومەت کردبووی دامەزراندنی لیژنەیەکی تەندروستی بوو بۆ ئەونەخۆشانەی کەچارەسەریان لەناوە وەی هەریم ناکریت و بنیردرینە دەرەوەی هەریم بەراستی کاریکی ریك و شیاوی سوپاس بوو جیگای دەست خوشی سەرۆکی حکومەتەکەمانە بەڵام دکتۆر نوری هەڵسا بە راگرتنی ئەم کارە گرینگ و چاکەی سەرۆکی حکومەت چونکە گرانیەك ئەخاتە سەرشانی حکومەت لەم راگرتنەدا هاولاتیەکانی هەژار تیاچون چونکە دەوڵەمەند و کورە بەرپرسەکان کاریان بەلیژنەی تەندروستی نیە بەنمونە هەڵمەت خالید لەسەنتەری رۆشنبیریی قوشتەپە دەهینمە وە ئەو مامۆستا بەریزە بەردەوام وەك و سەربازی ون خزمەت بە لاوانی قوشتەپە ئەکات بۆئەوەی لاوانی قوشتەپەش وەك و هەموو شوینەکانی تر لەزانستی کۆمپیوتەر و ئینتەرنیت دانەبرین هەرلەپیناوی لاواندا پانکای سەقفی بەسەریاکەوت و سەریش ی و چاویشی توشی نەخۆشیەکی ترسناك کرد کەچارەسەریەکەی لەناو ولات ناکریت کاتیك پەنای بۆ لژنەی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان راگرتنی لیژنەکەیان پی راگەیاند ئیستا رۆژ بەرۆژ حالی خراپتر ئەبیت و بەودەردەوە ماوەتەوە ئەلێم ئەگەر لیژنەی تەندروستیش نەبیت حکومەت ئەتوانیت کاربۆ سەربازی ونی وەك و مامۆستاهەڵمەت بکات. دکتۆر نوری بەبریاری تۆ لژنەی تەندروستی راگیراوە و تەنیا تۆش ئەتوانیت بیخەیتەوە کار یا کاریك بۆ سەربازی ون بکەیت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.